کرێکارانی جیهان یە کگرن !



بناغەی سۆشیالیزم ئینسانە
سۆشیالیزم بزووتنە وە ی
گەڕاندنە وەی ئیرادەی
ئینسانە

# به ره و سۆشیالیزم

# ٦٩

بڵاوکراوە ی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چە پی عێراق    ژمارە ٦٩—٢٠١١/٢/١٧    www.socialismnow.org    serdarabdulla@hotmail.com

# میسر لە بەردەم  تەواو کردنی شۆڕشە کۆمەڵاتیەکەیدایە ئەگەر نەیکا ڕەنجی شۆڕش بە فیڕۆ دەڕوات !

سەردار
عەبدوڵا
حەمە



## سەرووتار

ئیرادەی خەڵکی میسر ئەوەندە بەهێز بوو توانی لە ماوەی کەمتر لە ٢٠ رۆژدا دیکتاتۆرێکی ٣٠ ساڵەی وەك حوسنی موبارەك بڕوخێنی ، ئەو دیکتاتۆەری  کە گەورەترین زلهێزی دنیا وەك ئەمەریکای لە پشت بوو . ئەمریکا هەموو توانای خۆی بە گەڕ خست بۆ ئەوەی حوسنی موبارەك  بە هێز بکا چ وەك ئەوەی کۆمەکی ماددی پێ بکا چ وەك ئامۆژگاری کردنەکانی ئۆباما بۆ دەست بردنی حکومەتی موبارەك بۆ ریفۆرم چاکسازی و بوار دان بە ئەحزابی ئۆپزسیۆن کە بەشدار بن  لە دەسەڵاتدا، ئەمەش بە کەڵکی رژێمەکەی میسر نەهات و ئیرادەی خەلك لەمەش بەهێزتر بوو پاش ئەوەی سەدان کەس گیانیان بەخت کرد و هەزاران کەس بریندار بوون سەرەنجام حوسنی مبارەك وە دەر نراو ناوی فڕێ درایە ناو زبڵدانی مێژووەوە .

شۆڕشی خەلکی میسر ئەو ڕاستیەی نیشاندا کە دیموکراتی و بازاری ئازادەکەی ئۆباماش ناوەڕۆکێکی دژ ئینسانی هەیە هیچ پەیوەندیەکی نیە لەگەڵ ئازادی و مافە بنەرەتیەکانی ئینساندا . ئەمەریکا یەکەمین پشتیوانی دیکتاتۆری  حوسنی موبارەك ورژێمەکەی بوو لە کاتێکا ئەو ئیدیعا دەکا کار دەکا بۆ رووخانی رژێمە دیکتاتۆریەکان . ئێستا ئەمەریکا لە هەوڵی ئەوەدایە رژێمی داهاتووش بکاتە نۆکەری خۆی ئەویش بە وەعدەی گەیاندنی کۆمەکی ماددی بە خەڵکی میسر . وە لە لایەکی ترەوە ئیسلامی سیاسی و بە تایبەت جمهوری ئیسلامی

بۆ لاپەرە ٤

## خۆپیشاندان و کۆبونەوە گشتیەکان و نارەزایەتیەکان بۆ گۆڕانی ریشەیی لە عێراق و کوردستاندا دەستی پێ کردووە

پاش سەرکەوتنی شۆرش لە تونس و میسر ، شەپۆلی ئەم شۆڕشە زۆربەی وولاتانی عەرەبی و ئێرانیشی گرتەوە ( گەرچی لەئیران ساڵێکە ئەم شۆڕشە درێژەی هەیە بەلام ئێستا گورێکی



تری تی کەوتوەتەوە ).

ئەم هەفتەیە ی پێشوو زۆربەی شارو شارۆچکەکانی عێراق شاهیدی مانگرتن وخۆپیشاندانی




دەیان هەزار کەسی بووە لە دژی دەسەڵاتی ئەحزابی میلیشایی دینی و قەراووروتی ئەم و واست و ومی تایفی عیراق ئەم نارەزایەتیانە بە دژی گەندەڵی و رومادی و کەرکوك  بووە کە لە سایەی ئەمانەداخەلك توشی هەژاری و بێکاری و نەخۆشی بووە .

لەشارەکانی بەسرە و و بغداو لە کوردستانیش لە شارەکانی سلیمانی و ناوچەی شارەزور و




زەرایەن هتد .ئەم خۆپیشاندانانە ئەنجام دراون پێ دەچێ بەردەوام بن و فروانتریش ببنەوە.

لە رۆژی ١١/٢/٢٠١١ لە سەر بانگێشتی ریکخراوی یەکێتی دژی بێکاری لە شاری بەغدا خۆپێشاندانێ ئەنجام درا کە چەندین شیعارو داواکاری کرێکارانی بێکار وەك( کار یا بیمەی بێکاری) و (شیعاری دابین کردنی کارەبا) و( نا بۆ گرتنی هەرەمی خەلك )ئەم خۆپێساندانانە




لە شەقامی موتنەبی ئەنجام درا لە رۆژەکانی ٢/١٣ بە دواوە کۆبونەوە لە مەیدانی التحریر دەستی پێکردوە ( یەکێتی سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق ) 




رۆلێکی سەرە کی دەبێنێ )

لەوێشدا چەندین شیعاری ئابوری سیاسی بەرز کراوەتەوە

یەکیتی دژی بێکاری لە بەیانەمەیەکدا کە کۆپیەکی بۆ بەرەو سۆشیالیزم هاتووە رایان گەیاندووە بارۆژی ٢٥/٢ بکەینە



رۆژی دەربرینی تورەیەکانمان لە حکومەتیدەسەلاتەحلە  قەومی دەینی لە عێرقدا و ربیکەیەنە وژی شۆڕش بۆ نەمانی دەسەلاتی قەومی دینی و تایفی لە عیراقدا.

لە ساحەی ابونواس پۆلیس پەلاماری خەلکی داوە ، خێوەت و پێخەفەکانیان فری داوە، لە چەندێن شاری تر لە عێراقدا دەیان کوژراوو بریندار هەیە تا ئێستا .

## ڕاپۆرتێکی بە پەلە لە خۆپێشاندانی سلێمانییەوە!

پەیامنێری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق _ سلێمانی

پئیمە وە کو توری بە رگری لە ماف و ئازادیە کانی خە لک روژی 5شنبە ساعە تی 2ی پاش نیوە رو لە شاری سلیمانی بانگە وازی کو بونە وە یە کی جە ماوە ری مان کرد  بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی تونس و میسر و لە و کو بو نە وە دا زیاتر لە 6000 کە س بە شداری کردو خە لک لە تریبونیکی ئازاد دا ویستە ئینسانیە کانی خویان دا وا کرد و تا کە تاکە هاتن و قسە یان کرد و و لە حاشیە دا کاغە زی سپیمان دا نا بو و خە لک ئە هات و ویستە کانی خویان لە سە ر ئە م کاغە زانە دە نوسی وئیمە بو جە ماوە ر ی بە شدار بومان دە خویندە وە ئە م کو بو نە وە جە ماوە ریە بە شیوازیکی کاملا مە دە نیانە بو ماوە ی دو ساعە ت لە بە ردە رکی سە را بە رویوە چو وە دوای ئە وە ی کە توری بە رگری لە ماف و ئازدیە کانی خە لک کوتاییی کو بونە وە کە ی را گە یاند خە لکی تورە و نارازی و دژە حکومە ت بە شە قامی مە ولە وی دا بە رو لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان وە ری کە وتن و لە ریگا داچرکە بە چرکە بە خە لکی

بۆ لاپەرە ٤

## دەبێ ئەوانەی خۆپیشاندانی سلێمانیان خەڵتانی خوێن کرد، دەست بەجێ بگیرێن و دادگایی بکرێن!

ئەمرۆ لە سەر داوای "تۆڕی بە رگری لە ماف و ئازادیە کانی خەڵک" خۆپێشاندانێک لەبەردەرکی سەرای سلێمانی بەرێخراو بە پێی هەواڵەکان نزیکەی 6000 کەس لەم خۆپێشاندانەدا بەشداریان کرد، ئامانج لەم خۆپێشاندانە پشتیوانی بوو لە شۆڕشی تونس و میسرو ڕاگەیاندنی هاوپشتی بوو بۆ خەڵکی شۆڕسگێڕی ئەو دوو وڵاتە.ئەم خۆپێشاندانە چەند کاتژمێری خایاند، خەڵکی شاری سلێمانی داخوازیەکانی خۆیان بەرزکردوەو بەڕووی حکومەت و دەسەڵاتدارانی گەندەڵ و سەرکوتگەری کوردستاندا. دوای تەواو بوونی بەرنامەی خۆپێشاندانەکە لاوانی نارازی تورەی شارەکە درێژە بە خۆپێشاندان دەدەن و بە شەقامەکانی شاری سلێمانیدا، سەرەنجام ئاپۆرەی بارەگای لقی چواری پارتی دەدەن لەگەڵ بەرپرسەکانی پارتی

بۆ لاپەرە ٤

**ئازادی    یەکسانی    حکومەتی کرێکاری**

# چاو پێ كه‌وتنی (به‌رەو سۆشیالیزم ) له‌ گه‌ڵ (سه‌میر نوری) ئه‌ندامی مه‌كته‌بی سیاسی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری چه‌پی عێراق سه‌بارەت به‌ شۆڕش له‌ تونس و میسر هۆكار و كاریگه‌ری و ئه‌نجامه‌كانیان !

**به‌رەوسۆشیالیزم : مانگی كانوونی دووەم مانگی سه‌رهه‌ڵدانی شۆڕش بوو له‌ تونس و میسر ، سه‌رەنجام سه‌رۆكی تونس ناچار بوو وولات به‌ جێ بهێڵێ به‌دوای ئه‌ودا له‌ میسر حوسنی مباره‌ك له‌دوای 18 ڕۆژ له‌ خه‌باتێكی به‌رەوام جه‌ماوەری شكستی خوارد له‌ده‌سه‌ڵات هێنرایه‌ خوارەوە، سه‌رەتا ئه‌وە بڵێم به‌ ڕای تۆ چه‌نده‌ دروسته‌ به‌م ڕوداوانه‌ بووتری شۆڕش؟ ، هۆو فاكته‌رەكان كامانه‌ن كه‌ بوونه‌ته‌ هۆی ئه‌وەی ئه‌م ڕوودوانه‌ به‌ شۆڕش بناسرێ؟**

**سمیر نوری:** به‌و ڕاپه‌ڕینه‌ی كه‌ له‌ تونس كه‌به‌ دوای خۆسوتاندنی مه‌حمه‌مد بو عه‌زیزی له‌ ئه‌نجامی بێكاری وهێرشی پۆلیس و شكاندنی ئه‌و وەسائیلانه‌ی بژێوی پێ په‌یدا ده‌كرد، له‌ تونس خه‌ڵك ڕژانه‌ سه‌رجادەو له‌ 14ی كانونی یه‌كه‌مدا و حكومه‌تی بن عه‌لیان ڕووخاند، به‌ دوای تونسدا لاوانی میسر بانگه‌وازی مانگرتنی گشتیان دا و لایه‌حه‌یه‌كی داواكاریان خسته‌ڕوو ئه‌مه‌ بووە هۆی هه‌مه‌گیر بوونی ناڕەزایه‌تیه‌كان تا گه‌یشته‌ خۆپیشاندانی 20 ملێونی له‌ دوای 48 ڕۆژ له‌ ڕاگه‌یاندنی خۆپێشاندانی گشتی موباره‌ك ئیسقاله‌ی كرد و دیكتاتۆری سی ساڵه‌ی كۆتایی هات، ئه‌م ڕوداوانه‌ هه‌موو كه‌سێ پێی ده‌ڵێ شۆڕش و هه‌تا ئه‌وانه‌ی ده‌یان كتێبیان نووسی له‌ دوو ده‌یه‌ی ڕابردوودا به‌ كۆتایی هاتنی سه‌رده‌می شۆڕشه‌كان ناچاربوون بڵێن شۆڕش. شۆڕش یه‌ك مه‌سه‌له‌ی ئۆبژەكتڤه‌ نه‌ك مه‌فهومێكی ئایدولۆژی پێچیده‌ كه‌س لێی تێنه‌گات. شۆڕش كارێكی جه‌ماوەری خه‌باتكارانه‌یه‌ له‌به‌رامبه‌ر زوڵم ونایه‌كسانی و هه‌ژاری و بێكاریدا له‌لایه‌ن جه‌ماوەری فراوانه‌وە بۆ ڕوخاندنی سیسته‌می مه‌وجود. ئه‌مه‌ كه‌ ڕوویدا وە تائێستاش به‌رده‌وامه‌ شۆڕشه‌ و كاركردی ئه‌م شۆڕشه‌ له‌سه‌ر هه‌موو هێزەكان و چینه‌كان بزووتنه‌وە كۆمه‌ڵایه‌تیه‌كان و حزبه‌كان هه‌تا بچووكترین یانه‌كان به‌جێ هێشتووە، كارێكه‌ ناتوانرێت جارێكی تر ته‌سه‌ور بكه‌ی وەزعه‌كه‌ بتوانرێ ببرێته‌وە جێگای خۆی، ئه‌مه‌ به‌به‌رچاوی هه‌موومانه‌وە ڕوو ده‌دات، ئه‌م پرسیاره‌ ته‌نها بۆ چه‌پی پێ له‌هه‌وا مه‌ترەحه‌ كۆمه‌ڵگه‌ ده‌ڵی من پێم ناوەته‌ ناو جه‌نگی ئاڵوگۆڕێكی ڕیشه‌یه‌وە و ده‌مه‌وی ڕژێم بگۆڕم، ده‌بێ فه‌لسه‌فه‌كه‌ی چی بێ كه‌سانێك بێن قه‌ناعه‌ت به‌خۆیان بكه‌ن ئه‌مه‌ شۆڕش نیه‌، ئه‌گه‌ر بێ وەزیفه‌ كردنی خۆ نه‌بێ.

له‌ ئۆباماوە ته‌ ده‌گات به‌ چه‌پی ناسیۆنالست_ دینی ناوچه‌كه‌ ده‌ڵێن كه‌س چاوەڕوانی ئه‌مه‌ی نه‌ده‌كرد، ده‌ڵێن ڕوداوێكی له‌پڕ بوو، به‌ڵام بۆ ماركسیستێكی پراكتیست كه‌ مه‌سه‌له‌ی خۆی به‌ گۆڕانی سیسته‌می سیاسی_ئابووری سه‌رمایه‌داری داناوە له‌ ڕێگای به‌رپاكرنی شۆڕشه‌وە نه‌ ئه‌م شۆڕشه‌ نه‌ ئه‌و شۆڕشانه‌ی كه‌ به‌ ڕێوەن ڕووبده‌ن به‌ سدفه‌و سه‌یر عه‌جایب نابینێ و ده‌زانێ ئه‌مه‌ ڕووده‌دات، ماركس بۆ كۆغلمان ده‌نووسی ده‌ڵی " ئێمه‌ خه‌باتی چینایه‌تیمان كه‌شف نه‌كرووە وە هه‌تا بۆرژوازی خۆی دانی ناوە به‌خه‌باتی چینایه‌تیدابه‌ڵام ئه‌وەی ئێمه‌ پێی گه‌یشتووین ئه‌وەیه‌ ئه‌م خه‌باته‌ به‌ردەوام ده‌بێت تا دامه‌زراندنی حكومه‌تی كرێكاری" ، دیاره‌ ماركس له‌ زۆر شوێندا جێگاو ڕێگای شۆڕش وەك شێوەیه‌كی قه‌هراوی"توند وتیژ" بۆ ئه‌م ئاڵو گۆرانه‌و گه‌یشتن به‌م ئامانجه‌خستووەته‌ ڕوو.

چه‌ندان فاكته‌ری و ئاڵو گۆڕی جیهانی و ناوچه‌یی هه‌ن كه‌ بوونه‌ته‌ هۆی ڕوودانی ئه‌م شۆرشه‌، له‌سه‌ر ئاستی جیهانی قه‌یرانی ئابوری كه‌ سه‌رەتا له‌ ئه‌مه‌ریكاوە سه‌ری هه‌ڵداو دوایی سه‌رتاپای جیهانی گرته‌وە بووە هۆی بێكاری بۆ سه‌دان ملیۆن له‌سه‌راسه‌ری جیشۆرشانه‌دا هان و هه‌ژاری و نه‌بوونی، ڕێكخراوە جیهانیه‌كانی سه‌رمایه‌ وەك سه‌ندوقی پولی جیهانی و بانقی جیهانی هۆشداریان داو تا ئێستا ئه‌مه‌ به‌رده‌وامه‌ له‌م ڕووەوە كاركردی ئه‌م قه‌یرانه‌ كۆمه‌ڵگه‌ی به‌شه‌ری خسته‌ خه‌ته‌رەوە، له‌لایه‌كی ترەوە بۆرژوازی بازاڕی ئازاد كه‌ ڕایانگه‌یاند "كۆتایی مێژووە"و دوای سه‌ركه‌وتنیان به‌سه‌ر سه‌رمایه‌داری ده‌وڵه‌تیدا، به‌دوای قه‌یرانی مۆدێلی بازاری ئازادا تووشی قه‌یرانی سیاسی و ئایدیولۆژی بوون سه‌رتاپای سیسته‌می سه‌رمایه‌داری گرته‌وە و موفه‌كران و موفه‌سیرەكانی دۆش دامان.

له‌ "جیهانی عه‌رەبدا" له‌ ژێركاركردی ئه‌م قه‌یرانه‌ جیهانیه‌دا، هه‌ژاری و نه‌بوونی و بێكاری ته‌نگی به‌ زۆربه‌ی خه‌ڵك هه‌ڵچنی سه‌رتاپا خه‌ڵكی ولاتانی عه‌رەبی له‌به‌رامبه‌ر مه‌رگی هێواش هێواشدا ڕاگیران، له‌ كاتێكدا هێزە بۆرژوازیه‌كان له‌م ناوچه‌یه‌ بێ به‌دیل و بێ ئاسۆ بوون، ناسێو نالیزمی شكست خواردوو و ئیسلامی سیاسی كه‌ هیچ ئاسۆیه‌كی بۆ كۆمه‌ڵگه‌ پێ نیه‌ ئیتر ڕێگایه‌ك له‌به‌ردەم خه‌ڵكدا نه‌مایه‌وە، ده‌بێ ئه‌م وەزعیه‌ته‌ بگۆڕن، شۆڕشی ئینترنێتی بواری بۆ خه‌ڵك كردەوە تا بتوانن خۆیان ڕێك بخه‌ن، ئه‌مه‌ نوكی ئه‌و كێوەی شۆڕشه‌ كه‌ زۆربه‌ی موحه‌لیله‌كان به‌ ڕووخانی دیواری به‌رلینی ده‌شوبهێنن. به‌ نه‌زەری من ئه‌گه‌ر ڕوخانی دیواری به‌رلین هه‌ڵمه‌ت بوو بۆ سه‌ر ئامانجه‌ ئینسانیه‌كان و شۆڕش و شۆڕشگێڕێتی و ئیسانیه‌ت و به‌ها ئینسانیه‌كان و سۆشیالیزم و شۆڕشی سۆشیالستی ئه‌وە شۆڕشی میسرو و تونس ڕێك گه‌رانه‌وەی ئه‌و به‌ها و ڕێگا چارەو ئامانجانه‌یه‌ بۆ ناو دڵی ڕوداوەكان بۆ زەین و فكری كۆمه‌ڵگه‌.

**به‌رەوسۆشیالیزم : ده‌ورو نه‌خشی كرێكاران له‌م تا چه‌ندێكه‌؟ ، چونكه‌ هه‌ندێك له‌ باڵه‌كانی بورژوازی ده‌ڵێن ڕۆلی چینی كرێكار نیه‌ وونه‌ و هیچی دیار نیه‌ ؟ ده‌ورو نه‌خشی ئه‌حزابی ئیسلامی و قه‌ومی تا چ ڕادەیه‌كه‌؟ ئه‌مه‌ریكا چ ده‌ورێك ده‌گێڕێ؟ پاشان ده‌ورو نه‌خشی چه‌پ و كۆمۆنیسته‌كان چیه‌؟**

سمیر نوری: ئه‌م شۆڕشه‌ شۆڕشێكی چه‌پی و كرێكاریه‌، بۆ ئه‌وەی تێبگه‌ین له‌ تاك تاكی دارەكانه‌وە ناتوانین جه‌نگه‌ڵ بناسین، بۆ ئه‌وەی بزانین ئه‌م شۆڕشه‌ كرێكاری و چه‌پیه‌ له‌ ڕێكخراوەكان، یان ئایا خۆپیشاندران جلی شینی كرێكارانه‌یان له‌به‌ره‌ یان نا، یان شیعاری جمهوری سۆشیالستیان هه‌ڵگرتووە یان نا، یان ئایا ریزی چینی كرێكارو ئیستقلالیه‌ته‌كه‌ی پارێزراوە و خلوسیه‌تی كرێكاری پێشانده‌دات، به‌ نه‌زەری ئه‌وانه‌ی به‌م شكله‌ سه‌یری مه‌سه‌له‌كه‌ ده‌كه‌ن ده‌زگایه‌كی وردە برجوازی و نامۆ به‌ چینی كرێكارو له‌ تێگه‌یشتنێكی سونه‌تی دابڕاو له‌كۆمه‌ڵگه‌وە ده‌ڕواننه‌ ڕوداوەكان وپه‌دیده‌كان.

شیعاری شۆڕش نان ، ئازادی، كه‌رامه‌تی ئینسانیه‌، ئه‌م شیعاره‌ زۆر ئینسانی و زۆر چینایه‌تیه‌، ئه‌گه‌ر له‌و باوەڕەداین سۆشیالیزم واته‌ گێڕانه‌وەی ئیرادەی واعیانه‌ی ئینسانه‌كان، ئه‌وە له‌ڕێگای هێزی جه‌ماوەی شۆڕشگێڕەوە ئینسانیه‌ت و ئازادی ریفاه ده‌بێته‌ ئامانج و به‌رنامه‌ی شۆڕش و له‌یه‌كه‌م هه‌نگاویدا ده‌سه‌ڵاتی سه‌ركوتگه‌رانه‌ و دكتاتۆریانه‌ی ڕژێمی سه‌رمایه‌داری له‌ میسر و تونسا كرده‌ نیشانه‌. ئه‌مه‌ پێشانی ده‌دات ئه‌م شۆڕشه‌ چینایه‌تی و هه‌تا چه‌پیه‌ به‌ قوڵترین شێوە. ئه‌مرۆ بورژوازی هیچ شۆڕشگێریه‌تێكی تێدا نیه‌ و به‌ڵكو سه‌ركوت و به‌ربه‌ریه‌ت تایبه‌تمه‌ندی بورژوازی ئه‌م سه‌رده‌مه‌یه‌، " شیعاری سۆشیالیزم یان به‌ربه‌ریه‌ت" ته‌عبیرێكی قوڵ هه‌مه‌لایه‌نه‌ له‌و تێگه‌یشتنه‌ ده‌كات.

سه‌رده‌می شۆڕشه‌ كرێكاریه‌كان ده‌مێكه‌ زەنگه‌كه‌ی لێدراوە ده‌مێكه‌ كرێكار خه‌ریكه‌ بۆ گۆڕینی ده‌سه‌ڵاتی سیاسی_ ئابوری بۆرژوازی، شۆڕشی هه‌مه‌گانی ئه‌مڕۆ یانی شۆڕشی كرێكاری ، ئه‌مڕۆ زۆربه‌ی كۆمه‌ڵگه‌ كرێكاره‌ یان وەك كرێكار ده‌ژیت و كه‌رامه‌ت و ژیانیان چوەته‌ پلیقانه‌وە، داواكاری موحاكه‌مه‌ی دزو تاڵانكاری سه‌روەت وسامانی كۆمه‌ڵگه‌ خۆی داواكاری كرێكارو هه‌ژارانی كۆمه‌ڵگه‌یه‌ بۆ ده‌ست كۆتا كردنی سه‌رمایه‌داری به‌ زبانی خه‌ڵكی ساده‌ كه‌ به‌غه‌ریزە به‌رژەوندیه‌ كرێكاریه‌كان به‌رزده‌كه‌نه‌وە.

حزبه‌ بۆرژوازیه‌كان كه‌ به‌ئاشكرا له‌سه‌رده‌می حسنی موباره‌كدا كاریان ده‌كرد ناسراون بۆ كۆمه‌ڵگه‌ هیچ په‌یوەندێكیان به‌ ڕابه‌رایه‌تی ئه‌م شۆڕشه‌وە نیه‌، ئیخوان موسلمین ڕایان گه‌یاند كه‌ به‌شدار نین له‌ مانگرتنی سه‌راسه‌ریدا له‌ 25 جانیوەریدا و ئه‌حمه‌د به‌رادعی میسری به‌جێهێشت كه‌ مانگرتن ده‌ستی پێكرد، حیزب و كۆن بێ ئیعتباره‌كان به‌زمانی خۆیان نامۆی خۆیان له‌ده‌ست پێكردنی شۆڕش ڕاگه‌یاند، دواتر خۆیان هه‌ڵواسی به‌ شۆڕشدا، بۆ ئه‌وەی دواتر به‌لارێیدا به‌رن وەك بینیمان چۆن ده‌ستیان دایه‌ مفاوەزات و دانیشتن له‌سه‌ر مێزی مساوەمه‌ و به‌ڵام شۆڕش ریسه‌كه‌ی لێان كرد به‌ خوری به‌ شیعاری" جه‌ماوەر ده‌یه‌وێ ڕژێم بڕوخێنی" تا نه‌یڕوخاند و حسنی موباره‌ك ئیستقاله‌ی نه‌كرد و گورزی گورچكبڕی به‌ سه‌رمایه‌داری كێشا.

چینی كرێكاری میسر به‌هێزو گورێكی زۆرەوە له‌گۆڕەپانی شۆڕشی میسردا ده‌ور ده‌گێڕن، حسنی مبارك كاتێك چۆكی شكاو كورسی ده‌سه‌ڵاتی به‌جێهێشه‌ت كه‌ كرێكارانی له‌سه‌ر كار مانگرتنی سه‌راسه‌ریان ڕاگه‌یاندو ده‌وڵه‌تیان شه‌له‌ل كرد، تا ئێستاش ئه‌وە كرێكارانن كه‌ شۆڕشی كرێكاری میسر به‌رەو پێش ده‌به‌ن مانگرتنی ده‌یان مه‌ركه‌زی به‌رهه‌مهێن و خزمه‌تگوزاری له‌ میسرا حكومه‌تی سه‌ربازی جه‌ناڵه‌رەكانی خستووەته‌ ژێر مه‌نگه‌نه‌ی خۆیه‌وە له‌به‌ر ئه‌وەی میسر ده‌وڵه‌تێكی ئیستبدادیه‌ یه‌كێك له‌و زمه‌تانه‌ی ئه‌م نه‌وعه‌ ده‌وڵه‌ته‌ پێشكه‌شی بۆرژوازی ده‌كه‌ن ئه‌وەیه‌ كه‌ ڕێگه‌یان نه‌داوە حزبه‌ كۆمۆنیستی كرێكاریه‌كان شكڵ بگرن و كاتێك كه‌ شۆڕش ڕوو ده‌دات شۆڕش بێ ڕابه‌ر له‌ مه‌یداندا ماوەته‌وە ئاسان ئه‌توانن سه‌ری ببڕن، ئه‌گه‌رچی هه‌موو هێزەچه‌په‌كانی میسر به‌هه‌موو هێزیانه‌وە له‌ریزی پێشه‌وەی شۆرشه‌وە بوون ، هیوای سه‌ركه‌وتنی شۆڕش به‌م هێزەوە گرێی خواردوە كه‌ وەك حزبی سیاسی خۆی ڕێك بخات وشۆڕش له‌ داگێر كردن وبالاڕێدا بردن بپارێزێ.

سێ لایه‌نی سه‌رەكی، ئه‌مه‌ریكا، سوپای میسر، ئۆپۆزسیونی بۆرژوازی كه‌ هه‌ر پێش ڕوخانی موباره‌ك ده‌ستیان دایه‌ دانوستان و ڕێك خستنی كودەتا له‌ دژی شۆڕش بۆ له‌بار بردنی له‌ ژێر ناوی گۆرینی ده‌سه‌ڵات و ده‌ست به‌ده‌ست كردنی به‌ شێوەی هێمنانه‌، هێزەكانی دژی شۆڕش پێك ده‌هێنن.

**به‌رەوسۆشیالیزم : هه‌روەك له‌ هه‌واڵه‌كاندا باس ده‌كرێ چ له‌ تونس و چ له‌ میسر خه‌ڵك شورایان پێك هێناوە بۆ ئیدارەی ناوچه‌كانیان ، ئایا ئه‌م شورایانه‌ كه‌ به‌ ناوی ئه‌نجومه‌ مه‌حه‌لیه‌كان دروست بوون چه‌نده‌ نزیكایه‌تیان هه‌یه‌ له‌گه‌ڵ شورای واقیعی ؟ به‌ ڕای تۆ ده‌كرێ ئه‌م شورایانه‌ به‌ ده‌سه‌ڵات بگه‌ن ؟ ئه‌گه‌ ر وەڵامه‌كه‌ به‌ڵێ یه‌ چۆن ده‌كرێ؟**

**سمیر نوری:** یه‌كێك له‌ ئامانجه‌ سه‌رەكیه‌كان خه‌ڵك له‌م شۆڕشه‌ لابردنی ده‌سه‌ڵاتی سیاسی وگرتنه‌ ده‌ستی ده‌سه‌ڵاتی سیاسیه‌ و

بۆ لاپه‌ره‌ ٣



## جیا بوونه‌وەی كوردستان وپێكهێنانی ده‌وڵه‌تی سه‌ربه‌خۆ

## درێژەی ....چاو پێ کەوتنی (بەرەو سۆشیالیزم ) لە گەڵ (سەمیر نوری) ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق سەبارەت بە شۆڕش لە تونس و میسر هۆکار و کاریگەری و ئەنجامەکانیان !

بە چەند شێوە خەڵکی شۆڕشگێر ئەمەیان دوبارە کردوەتەوە، بە شێوەیەکی پراکتیکی دەستیان بۆ ئەم کارە بردوە، کۆمیتەکانی گەڕەکەکان و شوراکان هەر لەیەکەم لەحزەکانی شۆڕشەوە دەستی پێکردو ئێمە ئەم پرۆسەیە دەبینین. بەڵام موشکیلەی ئەم ئورگان دەزگایانە ئەوەیە ئەوەی نەخستووەتە دەستووری کاری خۆیەوە کە گەشە بداتە خۆی تا ئاستی دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوە بردنی کۆمەڵگە ئەمە یەکێکە لە لاوازیە خەتەرناکەکانی ئەم شۆڕشانە زوو قەرە بوو نەکرێنەوە ڕەنج تێکۆشانی خەڵکی شۆڕشگێڕ بە فیرۆ دەچێت.

ئێمە خۆمان لە کوردستاندا بزووتنەویەکی شورایی زۆر بەهێزمان بە ڕێخست لە ساڵی 1991 هەتا ئەو کات شوراکان چەکداریش بوون، بەڵام ئەو شورایانە خۆیان وەک دەسەڵات ڕانەگەیاند بەمەش نەک نەیتوانی دەسەڵات بگرن بەڵکو شوراکان کۆتاییان هات، بە غەیری چەند کارێکی خزمەتگوزاری نەیانتوانی شتێکی تر بێت.

بە ڕەئی من ئەگەر کرێکاران و سۆشیالستەکان و ئازادیخوازان لە میسر و تونس هەموو ئەو شوێنانەی شۆڕش خەریکە شکڵ دەگری تیایاندا بە ئێراق و کوردستانیشەوە، ئەگەر مەسەلەی گرتنە دەسەڵاتی سیاسی نەخەنە دەستووری کاریانەوە هەر ئێستا ئەوا شۆڕش بە لاڕیدا دەبرێ داگیردەکرێت.

**بەرەوسۆشیالیزم : هەروەک لە یەکێ ڤیدیۆکاندا بەرچاو کەوت کە خەلک شیعاری دەدا ( نا بۆ حکومەتی دینی و تایفی نا بۆ گەندەڵی بەڵێ بۆ حکومەتی عەلمانی ) ئایا بەدی هاتنی ئەم شیعارە چۆن دەکرێ و کامەیە میکانیزمەکەی ؟**

سمیر نوری: ئیسلامیەکان لایەنێکی زۆر خەتەرناکن لەسەر چارەنووسی شۆڕش و یەکێکن لەو هێزانەی کە لە ناوچەکەدا پشتیوانەیان هەیە لە چەندان دهوڵەت لەسەر دەسەڵاتن، بۆیە پاراستنی شۆڕش لەم هێزانە واتە ئیسلامی سیاسی لەگرەوی ڕوو بەڕووبونەوی هەر ئێستایە و ئەو شیعارانە بەڕووی ئیسلامی سیاسی و ئیخوان موسلمیندا دەدری، ئەگەرچی ئەوان وەک ماری سڕ وان ئێستا دەڵێن خۆیان بۆ هیچ دەسەڵاتیکی باڵا هەڵنابژێرن، خۆیان خزاندەتە ناو ریزەکانی خەڵکەوە شیعارەکانی خەڵک دەجونەوە، بەڵام خەتەری واقعین یەکێکن لە هێزەکانی دژی شۆڕش. بۆ وەستانەوە بە ڕووی ئیسلامی سیاسیدا، شۆڕش دەبێ مەسەلەی سکۆلاریزم و جیایی دین لەدهوڵەت و پەروەردەو دادگا و هەڵوەشانەوەی هەموو ئەو یاسایانەی لە شەریعەو دینی ئیسلامەوە سەرچاوەیان گرتووە و یەکسانی هەمەلایەنەی ژن وپیاو و هەڵوەشانەوەی حوکمی ئیعدام و هەموو ئازادیەسیاسیەکان، تا دەستی ئیسلامیەکان کۆتا بێت بتوانن لە چارەنوسی شۆڕش خراپکاری بکەن. خەڵکی میسر و تونس ئەوەیان پێشاندا کە ئیسلامیەکان پێگەیەکی وایان لە ئەوزاعەکەدا نیە.

**بەرەوسۆشیالیزم : وەک حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق چیتان کرد لەم بارەوە ؟ دەتانەوێ چی بکەنلەم بارەوە؟**

**سمیر نوری:** ئێمە دیارە حزبێک نین لەو وڵاتانە و ڕاستەوخۆ لە ناو ڕووداوەکاندا نین ، بەڵام لەبەر ئەوەی لە"جیهانی عەرەبدا" هەڵدەسووڕێین ریزێک کار کەوتووەتە ئەستۆمان ئەنجامی بدەین، کە بەشێکیمان ئەنجامداو کاری لەسەر دەکەین، دیارە بەهۆی نەبوونی تەلەفزیونەوە کە هۆیەکی زۆر کارایە لەدەورگێران لەسەر ئەوەی هێزێکی کۆمۆنیستی بتوانێت ئاراستەی مەسەلەکان بە ڕێڕەوی شۆڕش و سەرکەوتنیدا ببات، بەڵام سودمان لە ئینترێت و فەیس بووک وەرگرتووە لەسەر بەشێک لە سۆشیالست و چەپی ئەو وڵاتانە کارمان کردوەو دەیکەین.

یەکەم کارێک ئێمە بە وەزیفەی خۆمانی دەزانین کارکردنە لەسەر ئەوەی ئەم شۆڕشە بەرەو سەرکەوتنی کۆتایی بڕوات ئێمە لەم ڕووەوە بە بەیاننامە و لایەحەی داواکاری ونووسینی ووتار روونکردنەوە لە یوتیوب چەندان وەسیلەی تر هەوڵمان داوە ئەم کارە بکەین.

خاڵی تر ئەوەیە تەرح کردنی شورا وەک دەسڵاتداریێتی خەڵک بکەینە ئەقڵیەتی ئاکتڤست و هەڵسوڕاوانی ئەم شۆڕشانەو دەسەڵاتداریێتی شورای بکەین بە ئەلتەرناتیڤی دەسەڵاتی پەرلەمانی یا هەرشکڵێکی تری دەسەلات کە بورژوازی دەیەوی بەسەر خەڵکدا،گوێزانەوی تەجروبەی ئێران و عێراق و لەباربردنی شۆڕشی ئێران لەلایەن جمهوری ئیسلامیەوە و کاولکرنی عێراق لەلایەن هێزە ئیسلامی و تایەفیەکانەوە، وەئاگاهێنانەوەی خەڵک لە خەتەری هێزەکانی ئیسلامی سیاسی.

لەهەمان کاتدا هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنی سەفێک لە کۆمۆنیست و خەباتکارانی سۆشیالست بۆ ئەوەی حزبی خۆیان دروست بکەن بە زووترین کات لە گێژاوی بێ ئەڵتەرناتیڤی بێنە دەرەوە نەبنە ئاگرە خۆشکەرەی هێزە بۆرژوازیەکان.ئەمانە ئەو کارانەن کە لە دەستووری کاری ئێمەدا ئەوندەی توانای و کەناڵەکانی گەیاندن بواری دابێ ئێمە کاری لەسەر دەکەین، کە دیارە هێشتا زۆر کەممان ئەنجام داوە.

**بەرەوسۆشیالیزم : ئەم شۆڕشانە هیچ کارگەریان هەیە لە سەر عێراق و کوردستان ؟ پێت وایە شۆڕش لە عێراقدا ڕوودەدات بۆ لابردنی مالیکی و سەرجەم دەسەڵاتە میلیشیایە قەومی ودینی و تایفیەکان؟**

**سەمیر نوری:** کاتێک من وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەمەوە لە گۆڕەپانی تەحریر مانگرتن هەیە دوێنی خۆپێشاندانی دەیان هەزارکەسی لەشاری بەغدا ڕوویداو چەکدارەکانی حکومەت تەقەیان لەخەڵک کرد 13 کەس بریندار و کوژراو هەیە، ئەمڕۆ یەکێتی دژی بێکاری کۆمەڵێک لە خوێنکارانی زانکۆ و ڕۆشنبیران لە گۆڕەپانی موتەنەبی کۆبوونەوە و کۆمیتەیەکیان پێکهێناوە بۆ ڕابەری خۆپێشاندانەکان. لە هەمان کاتدا لە چەندان شار خۆپێشان دان بەڕێوەیە، لەکەرکوک کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی باکوور خۆپێشاندانیان کرد و لەبەسرەو عیمارە، ناسریە، دیوانە، ... چەندان شاری تر خۆپێشاندان بەفراوانی شکڵ دەگرێت، لە چوارچێوەکی شۆڕشگێڕانەدا خەریکی ڕووبە ڕووبونەوەی حکومەت دام دەزگاکانیانن. خەڵکی تا ئێستا شیعارەکانیان ئابوری سیاسی یە بەڵام ڕووخانی ڕژێم نەبووەتە عەقڵیەتی خەڵک و من پێم وایە ئاڵو گۆڕەکانی ناوچەکە ئەوە پیشان دەدات ئەم بزووتنەوە تا ڕاماڵینی ئەم هێزە پەرە دەسێنێ، بەڵام ئەوزاعی عێراق زۆر پیچیدە و خەتەرناکە و حزبەدەسەڵادارەکان بە میلیشیا چەکدارن، بەڵام ئەگەر شۆڕش لە ئێران بەرەو پێش بڕوات جمهوری ئیسلامی بڕووخێنی زۆر کۆمەک دەکات بە خەڵکی عێراق بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەو هێزانەدا کە پشت وپەنایان جمهوری ئیسلامیە.

**بەرەوسۆشیالیزم : لەم ماوانەدا بزووتنەوەی گۆڕان لە بەیاننامەیەکیاندا دەستیان خستەسەر زەمینەو هۆکارەکانی ئەم شۆڕشانە لە دنیای عەرەبداو وە ووتیان هەمان زەمینە لە کوردستانیش هەیە بۆ ئەوەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم هەڵوەشێتەوە تۆ ڕات چیە لەم بارەوە ؟ ئایا دەبێ شۆڕش لە عێراقدا بکرێ یا لە کوردستان؟**

**سمیر نوری:** منیش لەو باوەڕەدام کوردستان هەمان وەزعیەتی وڵاتانی تری ناچەکەی هەیە، بێکاری فراوان، هەژاری، سەرکوت، گەندەڵی، کوشت وکوشتار تۆقاندن، دەستگرتن بەسەر سەروەت سامانی کۆمەڵگەدا، نەبوونی خزمەت گوزاری.. ئەمانە ئەو هۆیانەن کە خەڵک ئاگری شۆڕشیان داگرسان وا کڵپەکەی هەموو لایەکی گرتووەتەوە. ناسێونالیزمی کورد کە لە ژێر ناوی کوردایەتیدا دەسەڵاتی بەسەر خەڵکی کوردستاندا داسەپاندووە، ئیتر تەبریرێکی نیە بۆ مانەوەی لەدەسەسەڵاتدا بە بزووتنەوی گۆڕانیشەوە، ئێمە دەمێکە ووتومانە بۆرژوازی بێتوانایە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەدا و حەقانیەتی ئەو تێڕوانینەی ئێمە بە دەیان جار سەلمێنراو ، ئێمە ووتمان ئەمان هەتا ناتوانن دەوڵەت بەمانا بورژوا کۆنەپەرستەکەیشی نەک سکۆلار و موتەمەدین دروست بکەن، ئەمانە ناتوانن نۆرمالیزەیشنی کۆمەڵگە ئەنجام بدەن، ئێستا قەڵشتی چینایەتی بەڕادەیەک فراوان بوەتەوە بە هیچ درۆ دەلەسەیەک داناپۆشرێت.

کوردستان بەشێکە لە عێراق ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لەدەستووری کاردابێ لە هەموو عێراقدا دەبێ بەرپا ببێت و ناسێونالیزمی کورد بەشی ئەو حکومەت دەسەڵاتەی بەغدان، شۆڕش و ڕاپەڕین سەرتاسەریە نەک ئەوەی گۆران دەیەوێ لەبەرامبەر یەکێتی و پارتیدا سواری شەپۆلی نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان بێت ئەو ببێتە جێنشینی ئەوان، کە بە نەزەری من ئاڵو گۆڕی شۆڕشگێڕانە بزووتنەوی گۆڕانیش لوول دەدات، پێیان وانەبێت ئەوان پارێزراون لە گەندەڵی و تاوانکاری.

ئەگەر کەسێک بیەوی یەکێتی و پارتی لەدەسەڵات لاببات دەبێ لەبەغداوە دەسپێبکات، یا ئەوەتا کوردستان جیابکاتەوە ئەو کاتە شەری دەسەڵات لەکوردستاندا مانای هەیە، کە گۆڕان لەمەشیاندا لەگەڵ جیابوونەوەی کوردستاندا نیە. بەڵام بەهەر حاڵ شەپۆڵی ڕاماڵینی دەسەڵاتدارانی سەرکوتگەر و گەندەڵەکان هەموو شوێنێکی گرتووەتەوە بە عێراق و کوردستانیشەوە.

**بەرەو سۆشیالیزم: سوپاس بۆ وەڵامی پرسیارەکانمان**

**سەمیر نوری** : سوپاس بۆ ئێوەش

**ماڵپە رە کانی کۆمۆنیزمی کرێکاری**

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق**
Www.socialismnow.org

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئیران**
www.wpiran.org

**کۆمیتەی کوردستانی**
**حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئێران**
www.iskraa.org

**سایتی مە نصور حیکمە ت**
www.m-hikmat.com

**سایتی حە مید تە قوایی**
www.hamidtaqvaee.com

**بژی جمهوری سۆشیالیستی**

## پاشماوەی دەبێ ئەوانەی خۆپیشاندانی سلێمانیان خەڵتانی

دیموکراتی کوردستان دەبێ بە دەمەقاڵەیان و لەلایەن هێزەکانی پارتیەوە تەقە لە خۆپێشاندەران دەکرێت، تا ئێستا هەواڵەکان کوژرانی یەک کەس و بریندار بوونی 57 کەسیان پێشانداوە لە خۆپێشاندەران.

مەسعود بارزانی بەیانەمەیەکی پڕ لە هاەڕەشە بڵاودەکاتەوە، بێئەوەی ئیدانەی تەقەکردن وکوشتنی خۆپێشاندەران بکات و دان بەتاوانی تاوانبارانی حیزبەکەیدا بنێت. ئەوان دەرس لە دیکتاتۆرۆ سەکوتگەرانی تونس و میسر وەر ناگرن، شوێن پێی ئەوان هەڵدەگرنەوە، حەتما چارەنووسیان لە چارەنووسی بن عەلی و مبارەک باشتر نابێ، خەڵکی کوردستان کەمتر نین لە خەڵکی ئازادیخوازی ناوچەکە و درەنگ یا زوو بنەو بارەگەیان دەپێچنەوە. خەڵکی کوردستان ئەوە بۆ دوو دەیەیە ژەهراوی دەستی ئەم حزبانە دەنۆشن و برسێتی و نەبوونی و هەژاری و سەرکوت بەسەریاندا داسەپێنراوە، لەهەلێک دەگەڕێن دام ودەزگاو بارو بارخانەی ئەمانە بپێچنەوەو کۆتایی بە دەسەڵاتی نەنگینیان بهێنن، بەتەواوەتی لەسەر حەقن سوود لەهەر شێوازێکی خەباتکارانە بگرنە بەر بە دژی ئەم خوێن خۆرو بکوژانەی خەڵک و گەندەڵ و تاڵانچیانەی کوردستان.

مانگرتن و خۆپێشاندان و نارەزایەتی دەربڕین تا دەگات بە ئاپۆڕەدانی بارەگاکانی ئەم حزب ودەسەڵادارانە بۆ لابردنیان و چۆڵ کردنی کوردستان لەم سەرکوتگەرانە، مافی بێ ئەملاو ئەولای خەڵکە کەس بۆی نیە تاوانباری بکات بە گێرەشێوین و فتنە نانەوە. ئەوە ئەوانن دەستیان سوورە بەخوێنی خەڵک و بەتاڵان بردنی سەروەت سامانی کۆمەڵگە چی ئەوانە لەدەسەڵاتدان چی ئەوانەی لە ئۆپزسیوندان.

ئێمە پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ خۆپێشاندان و نارەزایەتیەکانی خەڵکی شاری سلێمانی ڕادەگەیەنین، سەرەخۆشی لە بنامەڵەی گیان بەختکردوان دەکەین، هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین، داوادەکەین دەبێ بەرپرسان و تەقەکەرانی پارتی کەلەناو ئەو بارەگایەدا بوون و دەستیان لەخوێنی خەڵکدا سوورە دەست بەجێ بگیرێن و دادگایی ئاشکرا بکرێن.

دەبێ مافی خۆپێشاندان و مانگرتن و کۆبوونەوە و هەموو ئازادیە سیاسیەکان بە ڕەسمی بناسرێت و داواکاریە دەست بەجێیەکانی خەڵک جێبەجێ بکرێن، بەرپرسانی گەندەڵ و مشەخۆری کوردستان و ئەوانەی دەستیان لە خوێنی خەڵکدا سوورە بگیرێن و دادگایی بکرێن.

**بەڵێ بۆ خەباتی بەرحەقی خەڵکی کوردستان**

**نا بۆ دەسەڵاتداران و سەکوتگەران خەڵک**

**بژی ئازادی ، یەکسانی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق**

**17 شوبات 2011**

**وەرنە ناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراقەوە و بە هێزی بکەن لە پێناو بە دی هێنانی ئازادی یەکسانی حکومەتی کرێکاری لە پێناو دونیایەکی باشتر و دوور لە شەڕو جەنگ تیرۆر و برسیەتی و هەژاری وبێکاری وە لە پێناو جیا بوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لە پێناو کۆمەڵگایەکی سکۆلار و مۆدێرن وەلە پێناو سۆشیالیزمدا**

#### پاشماوەی.. ڕاپۆرتێکی بە پەلە

نارازیە وە زیاد دە بون و تا گە یشتنە لای باغی گشتی ژماریان دە چو بە رو 10000 کە س و و لە هامان کات دا خە لک شعاری نا بو حکومە ت کوردستان جیگای گە ندە لکاران نیە و حکومە ت دە بی پالە مان بە جی بیلیت بروخی دە ستە لاتی بنە مالە ی بارزانی و تالە بانی ،ئازادی ،ئازادی ....و لە همان کات دا خە لکی نارازی هە لیکوتایە سە ر لقی چواری پارتی دیمو کراتی کوردستان و بە بە رد و و دارو هە رشتیک کە بە ردە ستی خە لکی نا رازی دە کە وت پە لا ماری لقی چواریان دا . مە سئولی لقی چوار کە هاتە دە رو و جوین و دا بە خە لک و بی ئیحترامی بە خە لی ئازادای خوازی شاری سلیمانی کرد خە لک تورە تر بون و هە مو شو شە و پە نجە رە ی و مە سئولی لقی چواریان دا بە ر بە رد و خە لک زیاتر پە لاماری لقی چواریان دا و و زور بیرە حمانە وە وە حشیانە بە تفنگ و دوشکاوە هە لیان کوتایە سە رخە لک و کە سانی نارا زیان بە رگولە دا و تا ئیستا کە ساعە تی 6.30 بە کاتی عیراقە بە پی ئە و ئامارە ی بە دە ستم گە یشتوە زیاتر لە 57 کە س بریندارن و 5 کە سیش گیانیان لە دە ست دا وە بە تا ئیشتاش خە لک هە رلە سە ر شە قام کانی شاری سلیمانینو و لە نارە زایە تی خویان دژی حکومە ت بە ردە وامن.

**پەیامنێری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق**

**کاتژمێر شەش ونیوی پاشنیوەڕۆ**

**پێنج شەممە 17 شوبات** 2011

## پاشماوەی سەر ووتار

ئێران و قاعیدە لە هەوڵی ئەوەدان ئەم شۆڕشە بە شۆڕشیکی ئیسلامی ناوزەد بکەن اخوان مسلمین بنێنە سەر کار . هەردوولا واتە چ ئەمریکاو غەرب وە چ ئیسلامی سیاسی دەیانەوێ شۆڕش لە بار بەرن . خەلکی میسر دەبێ لەوە هۆشیار تر بن کە ئۆباما و سەرمایەداری رۆژئاوا و ئیسلامی سیاسی بە ناوی دیموکراتیەوە یا بە ناوی ئیسلامەوە دەیانەوێ ئیحتوای شۆڕش بکەن.

شۆڕش هەر لە سەرەتای دەست پێ کردنیەوە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بوو لە پێناو نان و کار و ئازادیدا بووە و لە پێناو نەمانی هەژاری و برسیەتی و بێکاریدا بووە ، لە پێناو نەمانی سەرکوت و پێشێلکردنی حورمەتی ئنسانیدا بووە و لە پێناو نەمانی حوسنی مبارەکدا بووە کە ٧٠ ملیار دۆلاری لە سامانی کۆمەڵگا بۆ خۆی کەڵەکە کردوە ،وە لە پێناو یەکسانیدا حکومەتێکی نە دینی و نەتایفیدا بووە وە لە پێناو حکومەتێکی عەلمانیدا بووە کە دین لە دەوڵەت جیا بێتەوە و مافەکانی ژنان لەگەڵ پیاواندا یەکسان بن و مافە مەدەنیەکانی خەلك دابین بکرێن ، شۆڕشەکە هەر لە سەرەتاوە ئامانجی بە دی هێنانی کار و زەمانی بێکاری و بیمەی کۆمەڵایەتی و دەرمانیەکان بووە ، شۆڕش ئامانجی بە دەست هێنانی مافەکانی لاوان و منداڵان و خوێندکاران بووە ، کردنی خوێندن بە خۆڕایی بووە . ئەگەر شۆڕشەکە ئەم ئامانجانەی هەبێ ئەو کاتە نە حکومەتی لایەنگری ئەمریکا نە حکومەتی لایەنەگری ئیسلامی سیاسی ناتوانن ئەم ئامانجانە بە دی بهێنن بەڵکو بە دوای هەمان ئامانجەوەن کە حوسنی موبارەك دەیویست. باشترین نموونە ش عێراق و ئێرانن . لە عێراق گوایا دوای رووخانی دیکتاتۆریەتی سەدام ئەمریکا قەڵای دیموکراتی و ئازادی و مافی مرۆڤ دادەمەزرێنی کە چی بە پێچەوانەوە بارودۆخی ئێستای خەڵکی عێڕاق لە بارودۆخی خەڵکی میسر ی سەردەمی مۆبارەك باشتر نیە بەڵکو زۆر خراپتریشە ، بێکاری و بێکارەبایی و برسیەتی و هەژاری و کوشتن و تیرۆر وسەرکوت هەیە ،. لە ئێرانی دوای ڕووخانی شاە و لە سەردەمی جمهوری ئیسلامیدا بارو دۆخی خەڵکی ئێران زۆر خراپترە جگە لەوەی لە باری ئابوری وسیاسی کۆمەڵایەتیەوە خەلکی لە ئەوپەڕی خراپیدا ژیان بە سەر دەبەن کە هەموو رۆژێکیان مردنە کەچی ئەو ڕژێمە سەدان هەزار کەسیشی ئیعدام کردوەوە بەردەوامیشە لە سەر ئەم رەفتارە دژی ئنسانیەی . ئەم دوو نموونەیە دەبێ دەرسێکی جیددی بێ بۆ خەلکی میسر

شۆڕش لە میسر توانی لە فازی یەکەمدا قەڵای زۆرداری بە سەقف و دیواریەوە بروخێنێ بەڵام هێشتا مەخا بن هێشتا بناغەکەی ماوە بڕوخێنرێ دەکرێ لە سەر ئەو بناغەیە قەڵای زۆرداریێکی تر بنیات بنرێتەوە ، بۆیە ئەرکی شۆڕش بووەتە رووخانی سەرجەم بناغەی زۆرداری .لە ریشە هەڵکیشانی زۆرداری ، بۆیە شۆرش دەبێ بەردەوام بێ تا بە دەست هێنانی ئامانجەکانی شۆرش سوپای میسر پارێزەری ئەو بناغەیە ئێستا ، ئەو سوپایەی کە دەستی تاوانی درێژ کرد بۆ خۆپیشاندەرانی ناڕازی و قەتل عامی کردن ، ئەو سوپایەی کە نەك ٣٠ ساڵە وەسیلەی سەرکوتی حکومەتەکەی موبارەك بووە لە میسر بەڵکو زۆر لەوەو پێشتریش هەر ئامرازی سەرکوت و دیکاتۆرەکانی تر بووە لە میسر بۆیە دەبێ خەلك داوای هەلوەشاندنەوەی ئەو سوپایەش بکەن وە هێزی چەکدای شوراکانی خۆیانە دەتوانی خەڵك ئەمن و ئاسیاشی کۆمەلگا بپارێزێ.

خەڵك دەبێ دەسەڵاتی خۆیان بە دەست بێنن دەسەڵاتی ئەوان نە حکومەتی ئیسلامیە نە حکومەتی بە ناو دیموکراتیە کە هێزەکانی بورژوازی لە میسر دەیانەوێ دایمەزرێنن بەڵکو دەسەڵاتی خەڵك دەسەڵاتی شوراییە ، کە لە گەرەك و شارو کارگانەوە پێك دێ و نوێنەرانی ئەمانە دەسەڵاتی مەرکەزی پێك دێنن وە هەر ئەم شورایانە دەکرێ چەکدار بکرێن، ئەم شورایانە دەکرێ دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیان هەبێ وە تەنها ئەم دەسەڵاتە دەتوانێ عەدالەت و یەکسانی و ئازادی بۆ خەڵك بینێ .

١٥/٢/٢٠١١

**بەرەو سۆشیالیزم**

**سەرنوسەر :**

**سەردار عەبدوڵا حەمە**

**تە لە فون:**

14165615131

**بەڕێوەبەری نوسین :**

**ڕێبین فاروق**

**دە ستە ی نو سە ران:**

**سمیر نوری،**

**سە ر گوڵ ئە حمد،**

**کاروان ئە جمە دین،**

**ستار حە مە علی**

**بژی ئازادی بێ قەیدو شەرتی خۆپیشاندان مانگرتن کۆبوونەوە**